# « خەبات فرۆش»

**هەمزە گولآنی – رانیە**

٢٠٠٥/١٠/٣٠

**ئەو زورگانە بۆ فرۆشتنن**

**ئەو ترۆپكانە بۆ فرۆشتن**

**ڕەوەزو دوندو دەوەن و درەختە بێوەژن كۆشەكان**

**لاپاڵی ئەودیو ڕوانین، پشووی بنار**

**لادانی سەركانی و دەمو چاوشورینێكی خێرا**

**قەتیسمان لەتەنیایی، شنەی هەڵوێستەكردنێ**

**هەناسەیەك بەسەرئاواییدا**

**مەتارەیەك پڕلەخەبات،**

**بۆ فرۆشتن**

**!**

**خەبات فرۆش،**

**تەنها ڕێگا**

**تەنها ڕێباز**

**تەنها مەراقی ئێوارە نافرۆشێ**

**خەمڵینی بەهارو**

**عاتیفەی پایزیشی هەیە بۆ فرۆشتن**

**تەنها نەسیمی سوبحەدەم نافرۆشێ**

**فڕینی پۆل پۆل باڵندەی گەرمێن و كوێستان**

**كشانی ئەستێرەیەك لەنیوەشەودا**

**نامەی دەزگیرانەكەی،**

**خۆشەویستی دۆت و دۆتمام**

شەوداوەت و کۆبوونەوە، هەموویان هەراجکراون

!

لەبیرەوەری ئەودا  دەنگ نایە،

دەنگی پاچ لێدانی گۆڕ.

لەخەیاڵدانیدا ، بریندارێک هاوارناکا

قومێ ئاوم بدەنێ!

بەسەرچوو ڕۆژانی پەیوەندیکردن

بەشانە هەنگوینەکانی ڕێکخستن

لەخەیاڵدانیدا چۆلەکەیەک ناجریوێنێ

گوزارشت بێت لەنیشتیمان

ئەو جلانەی کە سێ مانگە تینوی ئاون

بۆنی چایەکی خەواڵو

هەڵمی خۆ گەرمکردنەوەی زستان،

لەبەرئاگری ئاشکەوتێکی موختەفی

تەم تەم تەم دەفرۆشێ

تەمی دەربازبوون لەبۆسەی جەللادەکان

شانازی خەڵک، ڕابونی شەو ، هەستانەوە

کاتژمێرێک ترس

نهێنی ڕێگا

سەرکەوتن و گەڕانەوە

بۆ فرۆشتن

!

وەرز بەوەرز دەشکێت و

درەخت بەدرەخت ڕووتەبێتەوە

خەبات فرۆش

دوای دەزبازیکردن بەهەتاو

دوای فریودانی مانگەشەو

دوای تەماس لەگەڵ تاریکیدا

جاریدا نوکتەیەکی شاخم هەیەو

پڕم لەحیکایەتی بەر ئاگردان

حەیرانێکی سەر چیام هەیە

گۆرانی بن تاشەبەردێ

لەناو دێدا بەڵێنی ژوان!

خەبات فرۆش

وڵاتی کردە قوربانی ئارەزووەجوانەکانی خۆی

بەمارو پەیژەی هەوەسدا سەرکەوتەسەرێ

خەبات فرۆش

میمێکی مودمین و سینێکی سەرمەست و

ئەلفێکی ناوقەد باریک و لامێکی کە لەلانییە

ئێستاش وادەزانێ

بەشێکە لەهەستانی چەم و هاژەو خورەمی ڕووبارو

شەپۆلە دڵگەرمەکانی دەریا..

ئێستاش وادەزانێ بەشێکە لەحیلەی ئەسپەشێ

لەدەرکەوتنی خۆرو لەبەرزی هەڵۆ..

ئێستاش وادەزانێ زۆر لەگزنگ نەرمترو

زۆر لەئاسۆ شەفافترە!

خەیاڵبازە خەباتفرۆش نەک هەرخەبات

هەتا ئێستا چەندین شەهیدی سەنگەری

بەنرخی جیا جیا فرۆشتووە !